# له وڵاتی حیزبدا گه‌نج و مناڵه پێشمه‌رگه‌ش ته‌زكییه‌یان ده‌وێت!

تامان

2005/ 11/17

گه‌نجان هێزێكی له بنه‌هاتووی هه‌موو كۆمه‌ڵگه‌یه‌كن،هه‌ر ئه‌وانن ده‌توانن ژیان نوێ بكه‌نه‌و،و زامنی دوا ڕۆژی نه‌ته‌وه بكه‌ن. له هه‌موو دونیاش شتێك هه‌یه پێی ده‌ڵێن وڵات، نه‌ك حیزب شتێكیش هه‌یه پێی ده‌ڵێن نه‌وه‌ی نوێ. بێجگه له وڵاته دواكه‌وتووه‌كان، هه‌ر حیزب و به‌رژه‌وه‌ندی تاكه كه‌س ده‌بێته قوربانی وڵات،و پیریش ڕێنمایی گه‌نج ده‌كات،و پێی ده‌گه‌یه‌نێ

له وڵاتانی پێشكه‌وتوودا بایه‌خێكی ته‌واو به هێزی گه‌نجان ده‌درێت،و سیاستمه‌داره‌كان و پیره‌كان به‌رده‌وام له بیری ئه‌وه‌دان كه دواڕۆژێكی باش بۆ گه‌نجان و نه‌وه‌ی داهاتوو زامن بكه‌ن،له ئه‌ڵمانیا ده‌وڵه‌ت نایه‌وه‌ی ئه‌وه‌نده قه‌رز له بانك بكات،و كێشه‌كانی ئه‌مرۆی پێچاره سه‌ر بكات،و باری گرانی ئه‌مڕۆ بۆ نه‌وه‌كانی دواڕۆژ به‌جێبهێڵێت.

سیاسه‌تمه‌دارێكی نه‌رویجی ده‌یووت، ئێمه نه‌وتمان زۆره به‌ڵام ناتوانین هه‌مووی بخه‌ینه بازار،چونكه په‌یمانێكمان هه‌یه له‌گه‌ل نه‌وه‌ی داهاتوو بۆیه ده‌بێت بیر له‌وانیش بكه‌ینه‌وه.ئه‌و نه‌وته ته‌نها هی ئێمه نییه.

له ئه‌وروپا ساڵانه ڤێستڤاڵی هونه‌ری بۆ گه‌نجه هونه‌رمه‌نده‌كان ده‌كرێت پاره و خه‌ڵاتی باشیان پێده‌ده‌ن و هانیان ده‌ده‌ن بۆ كاری باشتر،له‌لای ئێمه ته‌نها پیره‌كان،و مردووه‌كان، ئه‌وانه‌ی له خزمه‌تی ده‌سه‌ڵاتدان خه‌ڵات ده‌كرین، ڕاستیان ووتوه كه‌ده‌ڵێن كورد میله‌تێكی زیندوو كوژی مردو په‌رسته. گه‌نجی كورد هه‌ست به بوون ونرخی خۆی ناكات .كه‌سیش نییه ڕۆڵی ئه‌و به‌رز بنرخێنێ و پێیٚ بڵێ دوارۆژی ئه‌م وڵاته وا له ده‌ستی تۆدایه.تۆ خاوه‌نی كۆمه‌ڵێك ئه‌رك و ماف

گه‌نجێك له سیسته‌مێكی ئاوا ژیان به‌سه‌ر به‌رێت و هه‌ست به بوونی خۆی نه‌كات و نه‌توانی سه‌رنجی كه‌س بۆ لای خۆی ڕاكیشی ئه‌بێ دوارۆژی چۆن بێت، ئه‌وكاته‌ی له باخچه‌ی ساوایان كارم ده‌كرد مناڵێك كه ته‌مه‌نی 6 ساڵان بوو،ڕۆژێكیان دزی كردبوو له بازار، لێم پرسی بۆ دزیت كردووه،وتی ده‌زانم كارێكی خراپم كردووه و ئیتر نایكه‌مه‌وه، به‌ڵام باوكم بایه‌خم پێنادات، گه‌ر دزی بكه‌م ئیتر بایه‌خم پێده‌دات، زۆر سه‌یرم لێهات مناڵێك ئاوا بیربكاته‌وه، بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رنجی باوكی بۆ لای خۆی ڕاكێشی،.جا نازانم گه‌نجانی كوردستان ده‌بێت چیبكه‌ن بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رنجی ده‌سه‌ڵات بۆخۆیان ڕاكێشن!

باشه ده‌بێت ئه‌قڵی پیری سیاسه‌تمه‌داره‌كانی كورد چیان پێبێت بۆ گه‌نجی ئه‌مڕۆ و نه‌وه‌ی سبه‌ینیٚ؟ ئه‌مانه هه‌موو پرسیارن به داخه‌وه وه‌ڵامه‌كه‌شی هه‌ر لای خۆمانه، بێكاری، خه‌مۆكی، بێزاری، ته‌زكییه، ده‌یان شتی سه‌یرو سه‌مه‌ره‌ی تر.

گه‌نجی كورد ئه‌مڕۆ له بۆشایه‌كی ڕۆحی گه‌وره‌دا ده‌ژیت، و كه‌س بایه‌خ به هێزی ئه‌و نادات و

زانکۆکانیش نرخی خۆیان لە دەست داوە، بونەتە شوێنی حیزبایەتی،و ناتوانن نەوەیەکی ڕۆشنبیر بەرهەم بێنن، بەڵکو تەنها فەرمانبەر بەرهەم دێنن،حیزبایەتی بۆتە دروشمی سەرەکی زانکۆ و بوونی نمرەی بەرزیش مەرجێك نییە بۆ ئەوەی ماستر یان دکتۆرا بخوێنی، گرنگ ئەوەی چەند حیزبی بیت و و یەکێك تەزکییەت بکات .

ئەوەی زۆر سەرنجی من ڕادەکێشێ تەزکییە، تەنانەت مناڵە پێشمەرگەش پێویستیان پێیەتی که باوکیان ساڵەهای ساڵ وەکو خۆیان دەڵێن چەکی شەرەف بەشانەوە بووە، ئێستا داوای تەزکییەیان لێدەکرێت.

من خۆم چەند مناڵی پێشمەرگەم بینیووە وتویانە،خۆزگە باوکمان جاش بووایە چونکە ئەوان ڕێزیان زۆرترە لە لایەن حیزبەکان،بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی ئەوانەی کاربەدەستن لە نێو حیزبە کوردییەکان کۆنە جاش و بەعسی و شتی ترن، و مناڵی پێشمەرگە ناناسن، بۆیە ئەوانیش تەزکییەیان پێویستەلە دوا سەفەرمدا بۆ کوردستان کەسێك کە منی باش دەناسی و باش دەیزانی خاوەنی 3 شەهیدم لە خێزانەکەم و پێی وتم: ئەگەر بتەوێ لە کوردستان بمێنیتەوەو کار بکەیت دەبی تەزکییەت هەبێت، منیش وتم باوکی من تا مرد لە پیشمەرگایەتی زیاتر هیچی تری نەدەزانی هەر لە شاخ بوو،تا مردیش خاوەنی هیچ نەبوو تەنها 25 دیناری ئێراقی لە گیرفان بوو،ئێستا دەبێت کۆنە.......... تەزکییەم بکات. وتم: بەڕێز من نامەوی لێرە نەکار بکەم و نەبمێنمەوە بەڵام من دەمەوی بزانم کامەتان دەتوانن ئەو بۆشاییەی ڕۆحی من پر بکەنەوە،و قەرەبووی هەستی باوکایەتی بۆ من بکاتەوە،قەرەبووی ئەو ژیانە سەختەی رابردوو بۆ من بکاتەوە، تا ئێستاش من بەدوایی باوکێکدا دەگەڕێم، چی لە کارو تەزکییەی ئێوە بکەم.دەتوانم بپرسم ئەو هەموو کۆنە بەعسی و جاش و کۆنەکانی تریش کە لە ناو حیزبەکانی ئێوەدا هەن کێ تەزکییەی کردوون؟ باشە ئەو گەنجەی لە ڕاپەرین ئەگەر تەمەنی 9ساڵ بوبێت ئەمڕۆ 24 ساڵە و حیزبی بەعسی نەدیووە، تەزکییەی بۆ چییە؟

یان ئامانج بەحیزبکردنی کۆمەڵگەیە،و بە تایبەتی گەنجان چونکە ئەگەر گەنج حیزبی نەبێت دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر دەسەلآت، حیزب و دەسەلآت مرۆڤ دەستەمۆ دەکات و پیرۆزیەکانی لێ داگیر دەکات، ئەو بە حیزب کردنەش دەستەمۆ کردنی گەنجە.

.ئەمرۆ لە هەموو جیهان کێشەی بێکاری هەیە، بەڵام نەك لە ناو گەنجان، بەڵکو زیاتر لە ناو ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی چلەوەیە کەچی لە کوردستان بە پێچەوانەوەیە پیرەکان خۆیان کار دەکەن و خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردنن، و بێکاریش پانتاییەکی گەورەی لە ژیانی گەنجان داگیر کردووە. چونکە پیرەکان هەریەکە چەند کارێکی گرتۆتە دەست،و وادەزانن هەر ئەوان شت دەزانن، بێ بوونی ئەوان ژیان ناڕوات بەڕێوە،نازانن ئەوان کاتیان بەسەر چووەوە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڕۆن و شوێنەکانیان چۆڵ بکەن بۆ خەڵکی تر. من کەسانێك دەناسم لە کوردستان 4 تا 5 کار دەکەن، باشە لە ڕۆژێکدا کەسێکی وا دەتوانی چەند خزمەت بکات، بۆ هەرکارێك 2 کاتژمێری داناوە بەڵام 4 موچە وەردەکرێت بۆشی دەروات چونکە پیاوی دەسەلآتە گەنجەکانیش بێکار دەسووڕێنەوە،هەرچەندە زیاتر پێویستیان بە پارە هەیە وەك لە پیرەکان، بۆ ئەوەی ژیانی خۆیان دروست بکەن .ئەو سیستەمەی ئێستا لە کوردستان پیادە دەکرێت گەنجی نائومێد کردووەو بەرەو لادانی بردووە

گەنجیش وای لێهاتووە پەنا بۆ مادە سرکەرەکان دەبات، یان ئاواتی ئەوەیە ڕۆژێك لە ئاسمانەوە ڕای کێشن و لەپایتەختی ولاَتێکی ئەوروپی خۆی ببینێتەوە .

گەنج لە کوردستان ژیانی پیردەژیت،و لە ئێوارەوە هەموو بە تاریکی بەدیار یەکەوە دادەنیشن دەست لە سەر ئەژنۆ، باشە ئەگەر مرۆڤ لە گەنجیدا ئاوا بژی، ئەی کە پیر بوو چۆن بژیت! گەنج لە بەر نەبوونی شوێن، و بێپارەیی نازانن ڕوو لە کوێ بکەن، گرانیش بەربەستێکی ترە لەبەر دەمیان، ئەو پارەییەی کەسێکی گەنج وەریدەگرێت، بەشی دانیشتنی ئێوارەیەکی ناکات.ژیان تەنها بۆ بەشێکە،و زۆرینەش دەبێت سەیر بکات چۆن ڕۆژەکانی تەمەن وەك گەلاَکانی پایز بە بەرچاویان هەڵدەوەرن ناتوانن هیچ بکەن، وێنەی دووبارە بووەی خۆیان لە پیرەکان دەبینەوە.

پەرلەمانی گەنجان کە لە دونیادا بێوێنەیە،من لە هیچ ولاَتێکدا نەم بینیوەو نەمبیستووە گەنجان پەرلەمانێکی تایبەتیان هەبێت، تەنها ئەوەم بینیووە کە حیزبەکان هەر چوار ساڵێك کەسانی گەنج دێننە ناو پەرلەمانەوە، لەجیاتی  پیرەکان بۆ ئەوەی خوێنی تازەو بیرو بۆچوونی تازە بهێننە ناو پەرلەمان،و لەسەر کورسیەکان خەو نەیان باتەوەو بەلا دا نەچن .

گەنج پێویستی بە دونیایەکی فراوان و ئازاد هەیە، بۆ ئەوەی تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە و پێویستی بە خوێندنی باش وژیانێکی باشە، پێویستی بە سینەماو شانۆ هەیە پێویستی بە جلی جوان و گەڕان و ژیان هەیە نەك بە حیزب کردن،زەمانی بەعس ئێمە خەونمان هەبوو خەونمان  بە ئازادییەوە دەبینی هەوڵماندەدا کاری بۆ بکەین، بەرنامەمان بۆی  هەبوو بەلاَم گەنجی ئەمڕۆ بێبەرنامەیەو ئەو ئازادیەش توشی دڵەراوکێ کردووەو لێی دەترسێ نازانی چۆن هەڵسوکەوتی لە تەکدا بکات چونکەئازادیەکی  کال و کرچە تێکەل بە پرۆژەی بەحیزب کردن بووە.

 ئەم سیستەمەی دەسەلاَتی کوردی پیادەی دەکات ، خزمەت بە گەنج و ولاَت ناکات،گەنج دەیەوێ لە ولاَتێکدا بژی خۆشی تیا بیت،چێژ لە   ئازادی ببینێت،ئەگینا   تەنها پێلاَوەکانی بەو ولاَتەی دەبەستێتەوە، هەست بەبەرپرسیاریەتی و ئینتمابوون ناکات، بۆ ئەو شوێنەی تیایدا دەژیت و هەر هەلێکی بۆ برەخسێ پێلاَوەکانی فڕێ دەدات.